# گەیشتن بە کەشی پەتی

وتووێژ لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار؛ ئەکبەر مەنسووری - ٢٠٠٦

**ئا: ڕەزا عەلیپوور**



هەرکەس تابلۆکانی ئەکبەری مەنســـووریی دیبێت، چ بۆ باری چۆنایەتی و چ بۆ لایەنی ژمارە و چەندایەتی، هەم تووشی ســەرســوڕمان بووە و هەم ســتایشی ـ کاری ئەم شـێوەکارەی کردووە و ناچار بووە دان بەوەدا بنێ کە خاوەنی توانا و بەهرەیەکی بەرفرە و جیاوازە.

ئەکبەر مەنسووری ساڵی ١٣٤٩ هەتاوی لە شاری سنە لە دایك بووە و ساڵانێکی زۆرە خەریکی شـێوەکارییە و ژمارێکی ئێجگار زۆر تابلۆی بەنرخ و هونەریی کێشـاوە و چەندین ڕەوت و قۆناغی جودا و جیاوازی بڕیوە. لە ماوەیەك لەوە پێشـــەوە باری ڕۆحی و دەروونیی تووشی هەندێ قەیران بووە، خۆی لە قەرەی وتووێژێک نادات، سەرەڕای ئەوەش بەهرە و زەینی ئەکبەر هێشتا هەر درەوشـاوەیە. ئەم وتووێژە ســاڵی ٢٠٠٥ بە بیانووی لەناو بردنی تابلۆکانی بە دەســتی خۆی، لەگەڵیدا ســاز کراوە کە دواتر کێشرـا بەرەو باسـکردن لە ڕەوتی هونەریی خۆی و شـێوەکاری لە کوردستاندا و... لێرەدا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

تێبینی: ئەم وتووێژە ساڵی ٢٠٠٥ سازکراوە، بە داخەوە پاش چەند ساڵ ئەکبەر مەنسووری دیار نەما و تا ئێســتەش بێســەروشــوێنە. هەر ئەوکاتیش زۆر تاقەتی وتووێژی نەبوو، بەڵام لە ڕووی هاوڕێیەتی و دڵفراوانییەوە کات و ئێنێرژیی بۆ ئەم وتووێژە دانا گەرچی پێشــتر وتووێژێکی ڕەخنەیی دیکەم لەگەڵیـدا بووە، بەڵام لێرەدا هەنـدێ تێبینیی وردی هەیە کە تـا ئێســـتەش تـازە و جێی سەرنجن. ڕەزا عەلی پوور

**ڕەزا:** بوودلێر دەڵێ هونەر یانی ســەرســوڕمان و بابەتی ســەیر و ســەمەرە، ڕەنگە کەسـێك کارە هونەرییەکانی تۆ ببینێ تووشی ســـەرســـوڕمان بێت، چ لەباری ژماری تابلۆکانەوە و چ لەباری کوالیتییەوە، بەڵام ئەوەی ســەبارەت بە تۆ و کارەکانت هەندێ ســەرســوڕمانی لانیکەم بۆ من دروســتکردووە، نەک هەر داهێنان، بەڵکوو لەناو بردن و دڕاندن و ســووتاندنی ژمارێکی زۆری تابلۆی خوتە. پێم خۆشـــە پێش ئەوەی باسی شـــێوەکاری و ڕەوتی هونەریی خۆت بکەی باس لەوە بکەی بۆچی ئەو تابلۆیانە کە وێدەچێ کامڵیش بووبن، لەناوت بردوون؟

**ئەکبەر:** ئەوەی کە لای هەموو شێوەکارەکان، لەهەر سەردەمێکی کارییاندا هەندێ تابلۆی زیادە و ئیزافە دێت کە دوایی لە ناوی ئەبەن بابەتێکە کە وەك دەزانین هەربووە، بەڵام لە ناوبردنی تابلۆ بۆ هەر شـێوەکارێک هۆی جیاواز و تایبەتی هەیە. هەندێ جار لەبەر ئەوەیە کە خۆشـیان لەو تابلۆیانە نەهاتووە یا خۆ وەك پێش تەرحگەلێکن کە دوای کێشـانی تابلۆ ســـەرەکییەکان ئیتر هێندە بایەخیان نامێنێ، بەڵام هەندێجاریش ئەم لەناو بردنە هۆی دیکەی هەیە. ڕەنگە من بۆ خۆم بتوانم باس لە بێ جێگە و بێ شـوێن بوون بکەم بۆ هەڵگرتن و ڕاگرتنی تابلۆکانم، یان لەبەر گرنگی نەدانێکە کە بە هونەر و شێوەکاری و... هەیە. سـەبارەت بە خۆم ژمارەی کارەکان کە زۆر دەبێت، جێگە و شـوێنی ڕاگرتنیانم نامێنێت، ئیتر ناچارم لە ناویان ببەم. ڕاســتییەکەی ئەوەیە

ئەوانەی من لە ناوم بردوون بایەخی هونەرییان هەبووە، وەها نەبووە کە ئەو کارانە دەبوایە لەناو بچوایەتن و بایەخدار نەبوون، نا، هەموویان تابلۆی بایەخدار بوون.

ئەوانەی لە ناوم بردن هەموویان تابلۆگەلێکی تەواو و کامڵ بوون، تەنانەت هەندێ لەو پێش تەرحانەش خۆی بەرهەمێکی کامڵ بووە کە تەنانەت لە ئیجرای سەرەکیی تابلۆکەشدا، وەك خودی پێش تەرحەکە باش دەرناچێت، بۆیە بۆ من زۆرجار خودی پێش تەرحەکە بەرهەمە سەرکییەکەیە، چون لە کاتی کێشانی پێش تەرحدا هەندێ هەستیاری و حەساسبوون هەیە کە ڕەنگە لە کێشانەوەی دواییدا ئەمە نەبێت. جیا لەوەش لە کاتی کێشاندا ڕەهەندێکی گرنگ هەیە کە "ڕووداو" و ڕێکەوتە. لە ناو ئەو پێش تەرحانەدا هەندێ ڕووداو ڕوو دەدا کە دووپات نابێتەوە، ئەمە بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە ڕێکەوت و ڕووداو لە شێوەکاریی ئەمڕۆدا گەلێك بایەخدارە. من ئەم جۆرە پێش تەرح و تابلۆیانەشم لەناو بردووە. وەك گوترا گرنگترین هۆی ئەمەش بێجێگەیی و بێ شوێنییە، وەك دەزانی کارەکان ئێجگار زۆرن. تەنانەت هێشتا فریا نەکەوتووم بە تەواوی سەیری هەموو دەور و ڕەوتە کارییەکانی خۆم بکەم تا بزانم چیم کردووە.

**ڕەزا:** چەند تابلۆت لەناو بردووە؟

**ئەکبەر:** من لە ساڵی ١٣٧٣ بەملاوە بەردەوام خەریکی لەناوبردنیان بووم بەڵام ئەوەی لەم ماوەیەدا لەناو براون ٧٠٠ تا ٨٠٠ تابلۆیە. هەمووشی بە دڵێک ڕازی و دڵێکی ناڕازی بوومە، یانی بۆ هیچ کامیان هیچ مەیلێکم نەبووە کە لە ناویان ببەم، جیا لەوەش لەم کۆمەڵگایەدا وا هەستدەکەم گرنگی و بایەخێك بەو کارانەی کە کردوومە نادرێت و تەنیا بووەتە بارێك بە سەرشانی خۆمەوە و کەس نییە پیشتگیری و ساپۆرت بکات و ڕایانبگرێت و هیچ ئارشیڤێك بۆ کۆ کردنەوەی ئەو بەرهەمانە نییە.



(بەردەوام خەریکی لەناوبردنی تابلۆکانم بووم بەڵام ئەوەی لەم ماوەیەدا لەناو براون 700 تا 800 تابلۆیە. هەمووشی بە دڵێک ڕازی و دڵێکی ناڕازی بوومە)

**ڕەزا:** هەندێجار دەبینین کەسێك تابلۆیەك یان چەند تابلۆی خۆی بە ئیعتراز بە ڕووداوێك دەسووتێنێ کە زیاتر حاڵەتێکی سەمبولیك وەردەگرێ، ئایا لەپشت ئەو تابلۆ لەناو بردنەی تۆشەوە دەنگهەڵبڕینێکی دیاریکراو هەیە؟

**ئەکبەر**: دیارە هەیە، بەڵام ئەم ئیعتراز و دەنگ هەڵبڕینە و ا لە نەفسیـ خودی کارەکەدایە. زۆریش ڕوون و ئاشکرا نییە کە بڵێم بەم بۆنەیەوە و بەم بیانووەوە هەندێ کارم لەناو بردووە. دیارە ئەم بیانووانە زۆرن، یەکدەگرن و دەگەنە ئەو ئەنجامەی هەندێ کار لەناو ببەم. بێ ئەوەی بیر لەوەش بکرێتەوە چ تابلۆیەك ببێت و چ تابلۆیەك نەبێت و بیر لە چاك و خراپیان بکەمەوە. ڕەنگە جۆرێك ئیعتراز بە خۆم و جۆری کارکردنی خۆم بێت. بۆ نموونە ڕەنگە من باوەڕم بە شتێك بووبێت وەك ئەوەی هونەرمەند دەبێت لە ئاستێکی بەرزدا و بەو جۆرەی کە مێژوو دەریخستووە و وتراوە و بووە بە بایەخ و بەها، کار بکات، بەڵام لە ڕەوتی ڕاستیی ژیاندا ئەو بایەخانە زۆر بێ مانایە و ئەو قسانە زۆربەیان هەر قسەی ناو کتێبەکانە، دەم بە دەم دەگەڕێ و لەدنیای واقیعیدا جێگەیەکیان نییە و کەس پەکی نەکەوتووە بۆ ئەو بایەخانە. بۆ کەسیش گرنگ نین و کەسیش لێیان بەرپرسیار نییە، دیارە وەها ناهومێدییەك دروستدەبێت کە باشترە ئەم تابلۆیانە هەر نەمێننەوە. چونکوو ئەو بایەخانەی کە بایەخی مرۆڤە و تەنیا لەناو کتێبەکاندا هاتووە، لە ئەرزی واقیعدا جێگەیان نییە.



(بەرای من شێواز، ئامرازە، شێواز فیکر نییە و ئەمرازێکە وەك ڕەنگ، وەك قەڵەم و بووم و... تەنیا ئامرازێکی تەکنیکییە کە دیتران سازیان کردووە و ڕێك و پێکییان کردووە و ئێمە وەك ئامراز کەڵکی لێ وەردەگرین)

**ڕەزا:** وەك وترا ئەو تابلۆیانەی لە ناوت بردوون بەرهەمی دەورە و ڕەوتی جیاوازی شـێوەکاریتە، کەواتە ئیتر ئەمە بەو مانایە نییە کە بڵێین تۆ لە هەندێ کاری قۆناغێک پاشـگەز بوویتەوە و هەر ئەوانە دەسـووتێنی، ڕەنگە تابلۆیەکیش کە تازە کێشرا بێت لەناوی ببەی، لە کاتێکدا ئەمە ئاساییە کە شێوەکاران هەندێ تابلۆی ڕەوتێکی کاریی خۆیان نەهێڵن.

**ئەکبەر**: ڕاستە، هەندێ دەورەی کاری هەیە کە شێوەکارەکە بە دڵی نییە و دێت لایان دەبا، یان لە ناویان دەبا، بەڵام من بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئەوە لە ناوم بردوون، بۆ نموونە هەندێ لە باشـترین کارەکانم لەناو چوون کە خۆیشـم حەسرەتیان بۆ دەخۆم، چونکوو ئیسـتە بە هیچ شـێوەیەك ناتوانم بەرهەمیان بهێنمەوە، ئەویش لە کاتێکدا پێشـبینی ئەوەم نەدەکرد ڕەنگە تووشی وەها حاڵەتێك و نەخۆشـینێك بم کە نەتوانم بیانکێشـمەوە، لە ڕاسـتیدا ئێسـتە ناتوانم ئەو کارانە بەرهەم بهێنمەوە، پێموابێ سـتەم و زوڵمێکی گەورە چووە و کەسـیش نییە تاوانەکەی بداتەوە، ئەگەر بە کەسـێکیش وتراوە لەبەر ناشـارەزایی، هێندە بۆی گرنگ نەبووە، تەنیا حەسرەتەکەی ماوەتەوە بۆ خۆم. بەڵام ئەگەر لایەنە مێژووییەکەی لەبەرچاو بگرین جێگەی داخە چون بەرهەمی کەسـێك کە نوێنەری بەرەو نەسـڵێکە و ئەیتوانی ئەو کارانەی لە پەروەردەکردنی بەرەیەکدا کاریگەر بێت و هەروەها ئەیتوانی ئەو بەرە نوێیە وە پێش بخات، هەندێ لە کارە باشەکانی نەماوە، ئەویش لە کاتێکدا زۆرێك لەو کارانە لە پیشانگادا دانەنرابوون.

**ڕەزا:** لە باسـەکاندا گەیشـتین بە ڕەوتی شـێوەکاریی تۆ، ئەم پرسـیارە ڕەنگە دەبوایە لەسـەرەتاوە بمکردایە بەڵام لەبەر ئەوەی سـووتاندنی تابلۆکانت کەڵکەڵەی ئەم وتووێژە بوو، ئێسـتە و لێرەدا دەپرسـم؛ ئەو ڕەوتە کارییانەی بووتە کامانەن و لە ڕوانگەی خۆتەوە چ ڕەوتگەلێك و چ قۆناغگەلێکت بڕیوە؟



(سروشت من هەڵدەبژێرێ و بارێکی فرە و زۆر دەخاتە سەرشانم و من دەخاتە پێش و هەندێ کەسیش بە شوێنما دەنێرێ)

**ئەکبەر**: ڕاســـتییەکەی ئەوەیە کە قۆناغ و ڕەوتە کارییەکانی من لەبەر چاوە و بە تەواوی بۆ دیراســـە و موتالا دەبێت و هەموویان یەکگرتوون. چونکوو من، بە حەز و میزاج و مەیل کارم نەکردووە. من سێ دەورە و قۆناغی ســـەرەکیم هەیە کە هەرکامیان لەناو خۆیاندا قۆناغگەلێکی دیکەیان هەیە. ئەو ڕەوتەی پێموا زیاتر بە زەینییەتێکی فەلســـەفییەوە بوو؛ من لە شـــکڵەوە دەســـتم پێکرد و گەیشـــتم بە فۆرمی پەتی(ناب) و لە فۆرمی پەتییەوە گەیشـــتم بە ڕەنگی پەتی و دوایی فۆرمی پەتی و ڕەنگی پەتیم پێکەوە ئاشـــتکردەوە و هاوئاهەنگییم لە نێوانیاندا ســـازدا. دیسـانەوە هەر دووکیانم وێڵ کرد و گەیشـتمە فەزای پەتی، یانی دوایین دەورەی کارەکانم فەزای پەتییە. ئەمەش دیاردەیەکە لە سروشـــتدا ڕوو ئەدا و لە هەر جۆرە پەیدا بوون و هەســـتییەکدا ڕوو ئەدا، یانی لە هیچێکەوە شـــتێك بیچم ئەگرێت و دوایی فۆرم ئەگرێت و ئەبێ بە "بتوارە" و ئەبێ بە مادده و ئەم ماددەیەش لەناو دەچێت و دەبێتە ئەســـڵەکەی خۆی و لەگەڵ فەزادا تێکەڵ دەبێت و دواتر دەبێتەوە بەو هیچەی کە لە ســـەرەتاوە بوو، من ئەم ڕەوتەم یانی شـــتێك کە لە هیچەوە دەگاتەوە بە هیچ، پێوا و تەنانەت لە کۆمەڵە کارێکدا بەناوی لەمەودای نێوان دوو هیچدا ئەمە خۆی دەرخســـتووە. من ئەم ڕەوتەم پێواوە کە هەموو شـتێك لە سروشـتدا لە هیچێکەوە دەستپێدەکا و دەگاتەوە بە هیچ و لەگەڵ فەزادا دەبێت بە یەکێك.

**ڕەزا**: ئەم ڕەوتەی باســـتکرد، ئایا ڕەوتێکە کە لە مێژووی شـــێوەکاریدا دەبینرێ؟ چونکوو وەك دەزانین زۆرێك لەو شـێوەکارانەی دەسـتدەکەن بە شـێوەکاری زیاتر ڕەوتی شـێواز و سـەبکەکان دەپێون، ڕەنگە ئەم پرسـیارە بەرەورووی کەسـێکی دیکە بکرایەتەوە بیگوتایە لە کلاسـیسـیزمەوە دەستی پێکردووە و تەجرەبەی کردووە و گەیشتووەتە ئابستره. ئایا ئەو ڕەوتە سەبکی و شێوازییە لە کارەکانی ئێوە چۆن خۆی دەردەخا؟



(فیگۆر بەڕای من ڕەنگێك لە فاشیزم و دیکتاتۆرییەت و بتوارەیی تێدایە)

**ئەکبەر**: بەرای من شـــێواز، ئامرازە، شـــێواز فیکر نییە و ئەمرازێکە وەك ڕەنگ، وەك قەڵەم و بووم و... تەنیا ئامرازێکی تەکنیکییە کە دیتران ســـازیان کردووە و ڕێك و پێکیان کردووە و ئێمە وەك ئامراز کەڵکی لێ وەردەگرین.

بەم ڕوانینەوە من هەوڵمداوە بەرانبەرێك بۆ ژیان دابنێم و، ئەو ڕەوتەی لەژیانی خۆمدا پێواومە بیکەم بە شـــێوەکاری؛ یانی چۆن پەیدا بووم و چۆن دەژیم و چۆن لەبەین دەچم ئەم شـــێواز و ســـەبکانە بەرای من هەمووی بیانوویەکە بۆ ئەوەی ئەو بەرابەرەی ژیان بدۆزرێتەوە. بەرای من مێژووی شـــێوەکاریش هەر ئەو کارەی کردووە، کاتێك دەڵێین کلاســـیك، پێناســـەیەکی هەیە کە یەکگرتووە لەگەڵ ئەو پێناسەی وا لە سروشتدایە و لە ژیان دەکرێ.

شێواز بەو جۆرەیە کە بە شێوەی گرووپی و لە ئاستێکی جیهانیدا ئەو بەرابەرەی وا لە سروشتدا هەیە کێشراوەتەوە، بۆ وێنە هەندێ شێوەکار هاتوون لە ماوەیەکی ٥٠ یان ١٠٠ ساڵیدا لەسەر حەجم و ماددە کاریان کردووە، یان کەسانێکی دیکە لەسـەر فورمی پەتی کاریان کردووە. ئێستەش لە دوای ١٩٥٠ بەملاوە هەموو جەختی شـێوەکاری لەسـەر باسی فەزایە و هیچ جۆرە شـکڵ و فورمییەتێك نەماوە و، هەموو ئەو فۆرمانە ورد کراون و بوونە بە فەزا بە وتەی شێوەکارەکان ئەو شـتەی زاڵە بەسـەر هەسـتیدا ئیتر ماددە نییە، ئەمە فەزایە کە زاڵ و حاکمە. ئەوەیە ئیتر کەس بەلای فیگۆردا ناچێت، چون فیگۆر، شـــکڵە و پەراش پەراش دەبێت، لە کاتێکدا فەزا وا نییە، ئەوەیە ئەو ڕەوتەی منیش هەمان ڕەوتە مێژووی نەقاشی پێواویە. بەم دیدەوە کە من هەمە شـێوەکاری خۆی مەبەسـتە، بەڵام هەندێکەسی دیکە شـێوەکاری دەکەن بە ئامراز و دەیخەنە خزمەتی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتەوە وەك کارێك کە میکزیکییەکان، یان ڕووســـییەکان و تەنانەت کوردەکانیش کردیان.



(من لە کۆمەڵە تابلۆیەکدا کە بە بۆنەی «هەڵەبجە»وە کێشاومە ئەو جیاوازییەم چ لە باری فۆرمەوە و چ لە باری مانا و ناوەرۆکەوە، ڕەچاو کردووە. بۆ نموونە لە لای من لەوێدا هەڵەبجەیەك گرنگیی پێدەدرێت کە ڕەنگە لە ئایندەدا ڕووبدات و لە کاتێکدا ئەوان سەرنجیان بەو ڕوداوو کارەساتە دابوو کە ڕووی دابوو، بەڵام من سەرنجم بەو ڕووداو و کارەساتانەدا بوو کە ئەگەری ئەوە هەیە ڕووبدا)

**ڕەزا:** ئەگەر دەکرێ وردتر باسی ئەو ڕەوتە بکەی کە لە شـکڵ و تەرحی پەتییەوە دەسـتتپێکرد و دوایی گەیشتیتە فەزای پەتی. ئایا بە چ ڕوانینێکەوە ئەو قۆناغانەت تەجرەبە کرد؟

**ئەکبەر:** ئەگەر باس لە شـکڵ و تەرحی پەتی بکەم دەتوانم باس لەو دیدە بکەم کە پێیوایە هەر دیاردەیەك لە دنیادا هەیە تەرح و شـکڵێکی هەیە کە خالس و پەتییە و جگە لەوەش هەموو شـتەکانی دیکە زیادە و لاوەکییە و دەتوانین هەموو شـتەکان لاببەین تا دەگەین بەو شـتە سـەرەکییە کە پێکهێنەری ئەو سـتراکتۆرەیە. لەم دیدەوە گرنگیدان بە ئەو تەرحە پەتییە هاتە ئاراوە، لەم ڕوانینەدا دیکەی شـتەکانیان لادەبرد و پێیانوابوو هەموو دیاردەکانی سروشـت لە ئەسڵ و بنەڕەتێکی تایبەت دروستبووە کە جگە لەمە هەموویان لاوەکی و ئیزافەیە.

**ڕەزا:** یانی شـێوەکاران دەگەڕان بە شـوێن ڕێسـای پێکهێنەر و جەوهەر و زاتی دیاردەکاندا و گرنگی درا بەو جەوهەرە و دیکەی شتەکان بە عەرەزی دانران؟

**ئەکبەر:** بەڵێ هەروا بوو، یانی ئەگەر مرۆڤ چاو و گوێچکەی نەبێت هەر مرۆڤە، بەڵام ئەگەر ڕەنگە مێشـکی نەبێت ئیتر مرۆڤ نییە کە لێرەدا مێشـك دەبوو بە جەوهەر و ئەندامانی دیکە دەبوون بە شـتانێکی عەرەزی. بەڵام ئێسـتە دەزانن ئەم شـکڵانە لە پێوەندی و لە نیسـبەتیان لەگەڵ فەزادایە کە بێچم دەگرن و وا نییە کە بڵێین خۆیان جەوهەرن.

یانی ئەمە ئێمە نین دەریاندەخەین و ئاراسـتەیان دەکەین بەڵکوو ئەمە فەزایە، وەك مەودای نێوان دوو شـت، دوو کەس و... لە فەزای پەتیدا فەزاکە گرنگە نەك شـکڵەکە. من لە ڕەوتی ئەو ڕێگەیەدا کە لە شکڵی پەتییەوە دەستم پێکرد، گەیشتمە ئەوکەش و فەزا پەتییە، بینیم خۆبەخۆ لە ڕەوتی ئەو ڕێگەیەدا کە دەڕوا دەبرێمە پێشەوە. لە ڕاستیدا ئەمە ئەو ڕەوتەیە کە خۆی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ، نەك مرۆڤ خۆی بەسەریدا بسەپێنێ، بە واتایەك یانی ئەمە ڕەنگی پەتی، یان فۆرمی پەتییە کە خۆی بەسەر منی شێوەکاردا دەسەپێنێ، هەندێك شیکردنەوە و وتنی ئەم باسە کێشەدار و دژوارە، پێموایێ هەستیار بوونەکەی دەگاتە ئەو جێگەیەی کە بێدەنگی باشتر دەتوانێ دەربڕی بێت.



(سەبارەت بە پیکاسۆش دەتوانم بڵێم ئەویش
یەکێك لەو ملهۆڕانە بوو کە سیاسەتمەداران دەورەیان دابوو،)

**ڕەزا**: بەڵام من دەمەوێ وڵامێك وەر بگرم بۆ ئەوەی کە ئەو ڕەوتە چۆن خۆی دەسەپێنێ کە تۆ بڕوات بە ڕەنگ و بافت یان فەزای پەتی هەبێت؟

**ئەکبەر**: وەك دەردەکەوێ ئەمە بابەتێکی هەستیناسانەیە(ئەنتۆلۆژی) و بڕوا بە سروشتە کە سروشتیش ئەمە بونیاد و سترەکتۆرەکەیەتی، کاتێك ئەم سترەکتۆرە بناسین ئیتر قەبووڵی دەکەین. ئێمەش لەبەر ئەوەی بەشێکین لەم سروشتە و سترەکتۆریشمان هەر هەمانە کە لە سروشتدا هەیە، یانی لە ئێمەشدا هەر هەمان ئەو فەزا خاڵیانەیە کە چارەنووسسازە نەك شکڵەکان، بۆ وێنە ئێمە لەشکڵی پەتیدا کاتێك دەڵێین چاو، خودی چاوەکە گرنگە، بەڵام لە فەزای پەتیدا مەودای نێوان چاوەکان و نیگا و ڕوانین گرنگە. ئیتر خودی چاو گرنگ نییە بەڵکوو چەمکی خودی ڕوانینەکە گرنگە.

**ڕەزا**: بەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە مرۆڤ وەکوو بکەر و سوبژەیەك بوونی نەبێت کە خۆی هەڵبژێرێت و جەبری سروشت بە سەریدا زاڵە و چەشنی بەرهەمهێنانیش ئیتر بەسەریدا دەسەپێت.

**ئەکبەر**: ڕاستە من لەسەر ئەو بڕوایەم ئەم جەبرە هەیە، بەڵام ناهومێدکەر نییە کە مرۆڤ بڵێت ئیتر من هیچ کارەم و هیچم لەدەست نایێ، بەڵکوو چارەنووسی ئەم جەبرە لەگەڵ چارەنووسی ئێمەدا دیاری کراوە و ئێمەش خۆمان بەشێکین لەم جەبرە. کاتێك بە مانا ناسراوەکەی دەوترێ جەبر، جۆرێك لە ناهومێدی پێش دێت، لە کاتێکدا بە دیهاتنی ئێمە خۆی پێڕەوی جەبرێکە کەچی دەژین و ئازادین لە ژیانیشدا، لێرەوە ئەم جەبرە بەرای من ئیتر بۆ نیگەرانیی ناوێت، ئێمە مافی ئازادی و هەڵبژاردنمان و... هەیە، بەڵام لەناو ئەو جەبرەداین و هەموو شتێك پێڕەوی ئەو جەبرەیە، بەبێ ئەوەش زیانێکیش بدات لەو ئازادییە، یانی لەو کاتەیدا کە دەوترێ من ئازادم، ئەمە جەبرەکەیە کە پێم دەڵێ من وابم و وا بڵێم.

**ڕەزا**: ئایا ئەمە ئیتر وەهمی ئازاد بوون و سوبژە بوون نییە. ئایا وەك هەموو باسگەڵێکی جەبر و ئێختیار ئەمەش ناگات بە دژوازی؟

**ئەکبەر**: نا بەرای من لێرەدا وەهم مانایەکی نییە، کاتێك من پێموایە ئێمە پێڕەوی جەبری سروشتین ئیتر وەهمێك بوونی نییە و لەم ڕوانگەیەوە هەموو شتێك لە جێگەی خۆیایەتی و ئێمەش تەنیا کایە دەکەین لەگەڵ شتەکان و لە ناو شتەکاندا کە سروشت ئەم ئازادییەی پێمانداوە.

**ڕەزا**: ئەگەر کەسێك وەك شێوەکارێک بیەوێت دژ بەو جەبرە بێت، ئێوە دەڵێن ئازادە، بەڵام ئەم ئازادییەش خۆیشی جەبرێکە کە ڕێگەی دەرباز بوونی لێی نەبووە، ئایا ئەمە نالۆژیکی نییە؟

**ئەکبەر**: نا، بەڕای من لەو شوێنەیدا ئێمە هەست بەوە دەکەین پێڕوی جەبرین، هەر لەوێدایە ئازادین، ئێمە هیچ شتێك بەسەرمانەوە جەبر نییە. لێرەدا ڕەنگە لەبەر گرفت و نەتوانایی زمانی نەکریٚ ئەم شتە دەر ببڕدرێت، بۆیە دەکێشرێتە ناو گەمەی زمانەوە، کە ئایا وەهم یان جەبر چ مانایەکی هەیە. بەڵام وەك گوتم لە بێدەنگیدا باشتر دەکریٚ لەمە تێبگەین کە ئیتر خەیاڵ و واقیعییەت و وەهم و ناوەهم و جەبر و ئازادی دەبن بە یەك شت.

**ڕەزا**: با بڕۆینە سەر باسێکی دیکە، ڕەوتی کارەکانی ئەکبەر مەنسووری چەندە هاوتەریب و مەوازی لەگەڵ ڕەوتی شێوەکاریی کوردی چووەتە پێشەوە؟

**ئەکبەر**: من بە پێی تەمەنم، لە نەوەیەکم کە بێگومان کەسانێك دێن بە شوێنیدا، دیسان لێرەدا یانی سروشت من هەڵدەبژێریٚ و بارێکی فرە و زۆر دەخاتە سەرشانم و من دەخاتە پێش و هەندێ کەسیش بە شوێنما دەنێرێ. ئەو پێوەندییە، لەگەڵ ڕابردووی شێوەکاری لە کوردستاندا، تا ڕادەیەك بووە و هەیە، تا بزانم چی کراوە و چی نەکراوە، من یەك دوو قۆناغ و دەورەشم لە ئاراستەی کاری شێوەکارانی پێش خۆمدا درێژە داوە.



**( من هەوڵی ئەوەم دا خۆم لەو دنیا نەپۆڕ و هەندێجار دروشم ئاسایە بە هاتن بۆ دنیایەکی ڕۆمانتیکتر و لیریکیتر داببڕم. خۆم لەو ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیکەی وا لە ناو بەرهەمە پێشووەکانی خۆیشمدا بوو داببڕینم. )**

**ڕەزا**: ئەوکات کە تۆ دەستت دایە شێوەکاری چ جۆرە شێوەکارییەک لەکوردستاندا زاڵ و باو بوو؟

**ئەکبەر**: زیاتر شێوەکاریی ئینقلابی و شۆڕشگێڕانە باو بوو چون لەوکاتەدا هەندێ گۆڕان لە کوردستانی ئێراندا ساز بوو کە زۆرێك لە پێوەندییەکانی گۆڕی و کاریگەریی زۆری لەسەر هونەرمەندان دانا. من پێموایە زۆربەی کارەکانی ئەوکات پێوەندییەکان بە فۆرم و شێوازەوە

نەبوو، زیاتر ناوەڕۆك گرنگ بوو کە ئەم ناوەڕۆکەش زیاتر شـۆڕشـگێڕانە بوو. هەوڵێکیش ئەگەر هەبوو زیاتر ناوەڕۆکی بوو.

منیش هەندێ تەجرەبەی کەمم لەو بوارەدا هەبوو. بەڵام دواتر خۆم لەو فەزایە و لەو جۆرە کارکردنە ڕزگار کرد. یان با بڵێم ئەو قۆناغە بۆ من تێپەڕ کرا.

**ڕەزا:** وەك خۆشت ئاماژەت پێدا، شۆڕش بە حوکمی ئەوەی شۆڕشە و چاکسازی و ڕیفۆرم و... نییە گۆڕانکاری لە زۆربەی بوارەکاندا پێش دێنێت و بەپێی ئەمەش وەك وتت لە دەوروبەری شـۆڕشـدا و لەبەر ئەو دۆخە تایبەتەی وا لە کوردسـتاندا هاتە ئاراوە، شـێوەکاری لە کوردسـتاندا بەرەو جۆرە هونەرێکی شـۆڕشـگێڕانە ڕۆیشـت، پرس ئەمەیە دوای نیشـتنەوەی ئەو تاوگیری و ئاڵۆزییە، ڕەوتی شێوەکاری لە کوردستاندا بەرەو کوێ ڕۆیشت، ئایا ڕێگەی تازەی پێوا؟

**ئەکبەر:** بەرای من شـــێوەکاریی ئەوکەســانە هەر بەو شـــێوەیە مایەوە، ئێســـتە بە هەندێ گۆڕانکاریی زۆر کەمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە بەرە و نەســـڵی ئەوان هەر بەو جۆرە مایەوە. یانی ئەگەر وەك «داواکاری» و «پێشکەش و ئاراستەکردن» سـەیری بکەین، لەبەر ئەوەی هەر ئەو داواکاری و تەقازایە مایەوە، ئەو جۆرە کار کردنەش درێژەی کێشا. لە ئێستەشدا کە نزیك بە ٣٠ ســاڵ تێدەپەڕێت هێشـــتا ئەو جۆرە هونەرە، داخواز و لایەنگری خۆی هەیە و برەویشی هەیە، هەروەها کە لە ناو ئەدەبیشدا هێشتا توانیویە بمێنێتەوە، بەڵام بەرەی ئێمە بە ئێنرژییەکی جیاوازترەوە. تا ڕادەیەك توانییان خۆیان لەو جۆرە ئیشـــکردنە دەرباز بکەن و زیاتر بە شـــوێن دنیایـەکی ڕۆمـانتیکتر و لیریکیتردا گـەڕان، ئەمـە لـەبواری فیکرییەوە. لـەباری ســـترەکتۆر و ساختاریشـەوە زیاتر هونەرمەندانە بەدوای شێوەکاریدا ڕۆیشـتن، تا سیاسییانە. زیاتر گرنگیمان بە فۆرم و ساختاردا تا ناوەڕۆکی دروشم ئاسا و سیاسی، ناوەڕۆکیشمان لەناو فورم و ساختاردا پێناسە کردەوە.

**ڕەزا:** گەر بینەرێک کەمتر ســەردانی پیشـــانگای کردبێت و تابلۆی کەمیشی‌ـ دیبێت، بەڵام بەو کەمەشـەوە ڕەنگە بگات بەو ئەنجامەی ئەو شـێوەکار  و شـێوەکارانەی کە گوتت لە دەوروبەری شۆڕشدا بەرهەمی شۆڕشگێڕانەیان ئاراستە دەکرد، لەم ساڵانەدا ئاوڕیان لە هەندێ بواری دیکە داوەتەوە و هێندە ناوەڕۆك گەرا نەماونەتەوە و پەرژاونەتە ســـەر بەرهەمانێک و لایەنانێکی فۆرمیکیش، ئایا لەگەڵ ئەم ڕایەدا هاوڕای؟

**ئەکبەر:** ڕاســـتە ئەم هەوڵە دەبینرێ، بەڵام بەڕای من ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە فۆرم وەك ئامرازێك بخەنە خزمەتی ئەو بیرو فیکر و ئایدیالەی کە هەیانە. ئەمیش لەبەر ئەوەی فۆرم ئامرازێکی بەهێزە و ئەو جۆرە کارکردنە ناوەڕۆکییەی وا لە ئێستەدا هەیە، ناچارە ئاوڕی لێبداتەوە تا بینەر بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ‌ـ. ئەم ڕوو کردنە بە فۆرم لەبەر ئەوە بووە، نەك لەبەر ئەوەی بکەونە شـــوێن فۆرمی پەتی و گرنگی بە فۆرم بدەن چونکوو فۆرم خۆی گرنگە و لەبەر خودی

فۆرمەکە و فۆرمی پەتی، نا وا نەبووە. ئێستەش دەبینین پاش ٣٠ساڵ شێوەکاری، زۆربەی تابلۆ و کارەکانیان فیگۆراتیڤە و "بتوارەیی"یە. لە کاتێکدا ئەو بتانە هەموویان تێك دەشکێنرێن، لە ئێستەدا جەختی شێوەکاری لەسەر فەزایە و ئەبێ هەموو ئەو فیگۆرانە بشکێنرێن و لەگەڵ فەزادا ببن بە یەکێك تا ئەو بنەڕەت و بونیادە سەرەکییەی خۆیان بەدەست بهێنن و خالس و پەتی ببنەوە. فیگۆر بەڕای من ڕەنگێك لە فاشیزم و دیکتاتۆرییەت و بتوارەیی تێدایە. لە وەها حاڵەتێکدا تێدەگەین گرنگیدان بە فۆرم نەیتوانیوە بەلای ئەو کەسانەوە ناوەکی و دەروونی ببێتەوە، تەنیا بۆ ئەوە بووە لەخزمەت ئایدیا و فیکرەکەیاندا بێت.

**ڕەزا:** ئایا ناکرێ بگوترێ فیگۆراتیڤ نەک هەر ڕەنگ و بەرامەی فاشیزمی نییە بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕەهەندێکی هیۆمانیزمیشی تێدایە و بە تەعبیرێك فیگۆراتیڤ گرنگیدانە بە مرۆڤ؟

**ئەکبەر**: نا. بەڕای من وانییە، چون هیۆمانیزم و ئینسانگەرێتی تەنیا ئەوە نییە تۆ چونکوو مرۆڤ دەکێشیت ئیتر مرۆڤخوازیت، وەک دەزانرێت فیگۆر تەنیا سیمایەکە و شکڵێکە لە کاتێکدا هیۆمانیزم تا ڕادەیەك بابەتێکی دەروونیتر و ناوەکیترە و بەو مانایە نییە تەنیا لە فیگۆردا خۆی دەربخات. هیۆمانیزم دەرکەوتەی خۆی لەکێشانی فیگۆردا نابینێتەوە و دەتوانێ بەشێوەی بەدەر لە فیگۆر تەعبیر لەخۆی بکات.



( بەرهەمێک و نیگایەک کە بەرهەمی ڕاستەقینەی من نەبێت
چەندەش هەوڵ بدەم تەنیا دەتوانم چەند تابلۆیەکی وەها بکێشم
ئیدی لەوە زیاتر ناچێتە پێش. چون پێوەندیی بە من و سروشتی منەوە نییە)

**ڕەزا**: ئێستە ئەگەر بە پێی باسەکانی خۆت بڕۆینە پێش، تۆ سەردەمێك ئەو جۆرە کارانەی وا ئێستە ڕەخنەی لێدەگریت تەجرەبەت کردووە، پاشان لێیگەڕای. ئایا تۆ خۆت وەك دەسپێك و خاڵی وەرچەرخان لەجۆری ڕوانین و جۆری شێوەکاریی زاڵی کوردستاندا دەبینیتەوە؟

**ئەکبەر**: من ئەو هەوڵەم داوە و لە ناو ئەو بەرەیەدا من دوایین کەس بووم کە هاتم و بە جۆرێك کۆتایی ئەو جۆرە کارکردنەشم ڕاگەیاند. من بە بەرهەمی خۆم ڕامگەیاند کە ئەو ڕەوتە گەیشتووەتە بنەتا و کۆتایی خۆی. دەبێ دەسپێکێك و سەرەتایەکی دیکە بدۆزینەوە. ئەوەش کە ئەم سەرەتایە لە کوێوە بێت دەبوایە جیاواز لە ئێستە و لە ڕابردوو ببوایە، یانی ڕووتێکردنێك ببوایە بەرەو ئایندە. من هەوڵم دا ئەو پچڕانە لەگەڵ دۆخی ئەوکات و ڕابردوودا ساز بکەم، دیارە ئەگەر سەرکەوتبێتم خۆی سەرەتا و دەسپێکێکی تازەیە.

تەنانەت من لە کۆمەڵە تابلۆیەکدا کە بە بۆنەی «هەڵەبجە»وە کێشاومە ئەو جیاوازییەم چ لە باری فۆرمەوە و چ لە باری مانا و ناوەرۆکەوە، ڕەچاو کردووە. بۆ نموونە لە لای من لەوێدا هەڵەبجەیەك گرنگیی پێدەدرێت کە ڕەنگە لە ئایندەدا ڕووبدات و لە کاتێکدا ئەوان سەرنجیان بەو ڕوداوو کارەساتە دابوو کە ڕووی دابوو، بەڵام من سەرنجم بەو ڕووداو و کارەساتانەدا بوو کە ئەگەری ئەوە هەیە ڕووبدا. من ئەم ڕەهەندەم زیاتر بە لاوە گرنگ بووە، تا ئەو لایەنە تازەبارییە. شێنگێڕییەک کە بە زۆری لە ناو ئەو جۆرە کارانەدا دەبینرێ. لە لایەکی دیکەشەوە بەلای منەوە ئایندەی خودی هەڵەبجە و کاریگەرێتیەکانی گرنگ بوو. واتە وێڕای ئەوەی خودی هەڵەبجە وەك ڕووداوێکی نامرۆڤانە لەبیر نەکرێت، زەینیەتی تۆڵە سەندنەوەش ــــ ئەگەر بوار هەبوو. پەروەردە نەکرێت. ئەمە لەباری فیکری و ڕوانینەوە جیاوازترە لە دیدی کەسانێك کە دیارە کاریگەرێتیش لەسەر شێوە و چۆنییەتی کێشانیش دادەنێ.

**ڕەزا**: هەرچەند ئەمە باسێکی پەراوێزییە، بەڵام پێوەندیی هونەر و کارەسات بەردەوام پێوەندییەکی دژوارە، تۆ ئایا دەتوانی کارەسات بکەی بە بابەت و بەرهەمێکی هونەری وەك تابلۆ، چۆن پیکاسۆ لە تابلۆی گرۆنیکادا کردوویە، ئەگەر وابکەی ئەمە خۆی غەدرێکە، ئەگەریش بێدەنگ بیت هەمان شتە کە کارەسات خولقێن داوای دەکات، تۆ خۆت چۆن بۆ ئەم باسە دەڕوانی؟

**ئەکبەر**: ڕاستە ئەمە خۆی پرسێکی دژوارە، لەبەر ئەوەی خودی کارەسات وەك کردەیەکی مرۆڤ، کارێکی نائینسانییە کە دەرهەق بە مرۆڤ دەکرێت جێبەجێ دەبێت، بەڵام ئێمە وەك مرۆڤ و هونەرمەند ناچارین بە وەرگرتنی ئەو دژوازییانە و ئاگادار بوون لێیان لانیکەم هەوڵبدەین، ڕوانینێکی هوشیارکەرەوەمان لە هەمبەر کارەساتدا هەبێت. سەبارەت بە پیکاسۆش دەتوانم بڵێم ئەویش یەکێك لەو ملهۆڕانە بوو کە سیاسەتمەداران دەوریان دابوو، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەندێ لە بەرهەمەکەنی مۆری بەتڵە بوونیان لێ بدرێت.

بەگشتی من مەبەستم ئەوە بوو بڵێم هەڵوێست و ڕوانینی من بۆ نموونە لەسەر هەڵەبجە و بابەتی دیکە، جیاواز بووە لەگەڵ کەسانێکی پێش خۆم لە کوردستاندا، دیارە ئەم جیاوازییە

خۆیشی ـ دەگەیەنێتە لای فۆرم و ستـرەکتۆر و جۆری تابلۆ کێشـانەکە. من لەباتیی شـینگێڕی و تازیەباری، هەوڵی ئەوەم داوە تا لایەنێکی هوشیارکەرەوە بۆ ڕوونەدانی سـەر لە نوێی کارەسـات و هەڵەبجەی دیکە ڕەچاو بکەم.

**ڕەزا:** یانی بەجۆرێك پێشـبینی کردن و نیشـاندانی ئەگەرەکانی دووپات بوونەوە و هەر لەوێشـەوە هوشـداری دان، بەو جۆرەی لە ئەدەبدا ئێمە دەتوانین پێشـبینی و هۆشـدارە ناڕاسـتەوخۆیەکانی کەسێکی وەك کافکا سەبارەت بە هەندێ ڕووداو بدۆزینەوە.

**ئەکبەر:** بەڵێ، هەر بەو جۆرەیە. ڕەنگە جیاوازیی کافکا و پیکاسـۆی گرۆنیکا لەوەدا بێت کە کافکا ئەو پێشـــبینیانـەی کردووە و ئـەو هوشـــدارانـەشی داوە. هـەرچـەنـد حـەزیشی ــ نەکردووە پێشــبینییەکانی ڕاســت دەر بچن، ئەگەرچی بە قیمەتی ئەوە بێت، ئیدی بەرهەمەکانی پێگەیەی ئێستەشیان نەبێت. بەڵام بۆیە دەڵێم پیکاسۆ ملهوڕ بوو ئەو لە دوای کارەساتەوە دەست ێپدەکا و دەیقۆزێتەوە. کارەســـاتێك دەکا بە تابلۆیەکی هونەری، تابلۆکەی ناوبانگ و پێگەی بەرز وەردەگرێ. وەک گوتم خودی پیکاسـۆ لەبەر ئەوەی هەندێ سیاسـەتمەدار بە سـوودی خۆیان کەڵکیان لێوەردەگرت ئەو جۆرە تابلۆیانەشی دەکێشا و دواتر هەر ئەوانیش بەرزیان دەکردەوە.



(گرنگترین کارێك کە من هەوڵم داوە بیکەم شیکردنەوە و نووسینەوە و کێشانەی کتێبی سروشتی خۆم و ڕوانینی من نیسبەت بە جیهان و کۆمەڵگا و خۆم بووە)

**ڕەزا**: خاڵی دیکە بۆ خۆ جیاکردنەوەی بەرهەمەکانت لەو جۆرە شێوەکارییەی پێش خۆت، لە چ شتانێکدا خۆی وەدیار خستووە؟

**ئەکبەر**: وەك ئاماژەم پێدا من هەوڵی ئەوەم دا خۆم لەو دنیا نەپۆڕ و هەندێجار دروشم ئاسایە بە هاتن بۆ دنیایەکی ڕۆمانتیکتر و لیریکیتر داببڕم. خۆم لەو ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیکەی وا لە ناو بەرهەمە پێشـووەکانی خۆیشـمدا بوو دابڕینم. هەرچەند ڕەنگە لایەن و ڕەگی ئایدیۆلۆژیك لەناو کاری منیشـــدا ببینرێتەوە، بەڵام من زیاتر بە ڕوانین و کەلکەڵەی فەلســـەفییەوە بەرەورووی جیهان و سروشـــت و شـــێوەکاری و خۆم بوومەتەوە. جیا لەوەش ئەو ڕەوتەی کە خۆم پێوام و باسم لێکرد بۆ گەیشتن بە فەزای پەتی، هەندێ تایبەتمەندی و خسڵەتی بۆ کاری من هێناوە کە لەوان جیام دەکاتەوە.

**ڕەزا**: هەڵبەت من پێموایە ئەو ڕەهەندە ڕۆمانتیکییە و دوور کەوتنەوە لە دروشم ئاسایی بوون، لە ناو تابلۆکانی ئەو بەرەیەی پێش تۆیشدا دەبینرێ، لانیکەم لەو ژمارە تابلۆیەیدا کە من بینیومە.

**ئەکبەر**: ڕاســتە ڕەگ و ڕەهەندی ڕۆمانتیکی شــتێك نییە کە تەنیا تایبەتی بەرهەمی من بێت یان تاقە خەســڵەتی ســەرەکیی شــێوەکاریی من بێت، دیارە شــێوەکاریی شــۆڕشــگێڕانەش ئاوڕ لە ڕۆمانتیسیزم دەداتەوە. بەڵام مەبەستی من ئەو جۆرە لە ڕۆمانتیسیزمەیە کە دەکرێ پێی بوترێ لیریســیزم. ئەمە ئیتر ئەگەر لەناو کاری ئەواندا ببێت دەبێ جۆرێکی دیکە بۆی بڕوانین. لێرەدا پرســـەکە ئەو بەردەوام بوونە و ئەو حەقیقەتەیە کە چەندێك تایبەتی بەرهەمی ئەوانە. بڕوانە، بەرهەمێک و نیگایەک کە بەرهەمی ڕاســـتەقینەی من نەبێت، چەندەش هەوڵ بدەم تەنیا دەتوانم چەند تابلۆیەکی وەها بکێشـــم، ئیدی لەوە زیاتر ناچێتە پێش. چون پێوەندیی بە من و سروشـــتی منەوە نییە: ئەمە هەر ئەو جەبرەیە کە وەك بەرەیەك چارەی ئەوانی بەجۆرێك نووسیوە. ئەوان لە جێگەی خۆیاندا، کاری خۆیان باش و دروست بەڕێوە بردووە. بەڵام لەوێدا کە هەوڵیانداوە بڕۆنە شـــوێنێکەوە کە پێوەندیی بەوانەوە نییە لەوێدا خراپیان کردووە. پێموایە ڕۆیشـتن بەرەو لای ئەو جۆرە لیریسـیزمە کە پێوەندیی بەوانەوە نییە نە تەنیا ئیمتیازێکیان پێنادا بەڵکوو زیانیشـــیان لێ دەدا. گرنگ ئەوەیە ئێمە جێگەی خۆمان لە جیهاندا بزانین، یەک لە گرینگترین خاڵەکان بۆم ئەوە بووە کە زانیومە لە جێگەی خۆمدا بم و لە جێگەی خۆمدام. ماف و حەق خۆم هەیە و ســتەمێکم لێ نەچووە و ئەگەر وا هەســتم کردووە کە ســتەمێکم لێ کراوە، ڕەنگە هەڵە کردبێت.

**ڕەزا**: تۆ پێتوایە لە تابلۆکانتدا چیت کردووە و ئەو دەســـکەوتانەی بتوانی بۆ خۆتی ناو ببەی کامانایە؟

**ئەکبەر**: دەبێ کەسانێکی دیکە دەسکەوتەکان دەستنیشان بکەن بەڵام وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا من هەندێ هەوڵم داوە کە هەم لە باری ناوەرۆکییەوە و هەم لە باری ســـتراکتۆری و

فۆرمییەوە توانیویە کۆمەڵێك دەســـکەوت بۆ تابلۆکانم دیاری بکات. بەڵام گرنگترین کارێك کە من هەوڵم داوە بیکەم شیکردنەوە و نووسینەوە و کێشانەی کتێبی سروشتی خۆم و ڕوانینی من نیسبەت بە جیهان و کۆمەڵگا و خۆم بووە. پێموایە سازکردنی کۆمەڵێك "کتێب" بە شێوەکاری و کێشـــانی لاپەڕە بە لاپەڕەی ئەم کتێبە ئەو هەوڵەیە کە دەبێ هەر کەس بەشـــێوەی خۆی؛ بە ئەدەب، هونەر و... جێبەجێی بکات. بەڕای من ئەمەش کارێکی گرنگە ئەگەر تۆ بێیت سروشـــت و ڕوانینی خۆت بکەی بە کتێب، لێکی بدەیتەوە و بەشێوەی تایبەتی خۆت چ لەباری ناوەڕۆکەوە و چ لەباری فۆرمەوە ئەو سروشت و ڕوانینەی خۆت نیشان بدەی.

**ڕەزا**: ئایا پێتوایە لەدوای خۆت بەرەیەکی دیکە هاتووە؟ ئەگەر هاتووە تایبەتمەندیی کارەکانیان چۆنە و زیاتر لە چ فەزا و کەسانێك کاریگەرییان وەر گرتووە؟

**ئەکبەر**: من لە بەرەیەکدا بووم کە تەنیا خۆم بووم، کەسیشـــم لەگەڵدا نەبوو. ڕاســـتییەکەشی زۆر تەنیا بووم. بەڵام ئەم بەرە نوێیە کە خەریکە دێت ئەگەر قســـەکەم وەك بانگەشـــە و ئیدعا نەبێت ناچارە لە منەوە تێبپەڕێت، تا تێنەپەڕن ناگەنە هیچ کوێ.

وەك گوتم هەندێ ئەرك خرایە سەر شانی من کە ناخرێتە سەرشانی هەر کەسێک و گەر بخرێتە سـەر شـانی کەسـانێک، کەم کەسـیش توانایی بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی هەیە. بۆیە کەسـانێکی دیکە دەبێ بێن بەشـوێنیدا، کەسێك کە بیەوێ لەم ڕێگەوە بێت ناچارە لەمنەوە تێپەڕێت مەگەر ئەوەی خۆی بارێکی قورستر هەڵبگرێت و وەکوو من بە ڕێگەیەکی تایبەتدا بڕوات. ئەم بەرەیە کە خەریکە دێت تاڕادەیەك ئاگایە و دەزانێ ناچارە و هەروەها بەسـوودیشـیەتی بەسـەر ئەم پردەدا بڕوات.

کەسانێکی تازە کە هاتوون، جارێ تەنیا ئەم ڕێگەیەی منیان ناسیوە، بەڵام هەوڵێك نەدراوە لێی تێبپەڕێن ڕاستییەکەشی ئەوەیە تێپەڕاندنی ئەم ڕێگەیە ئەستەم و دژوارە.

